

# بریندارکردنی شانازیە ناسیونالیەکان

## (خویندنەوەیەك بۆ نۆڤیلای –پاشەکشی– ی گونتەرگراس)

ئیسماعیل حەمەئەمین

## ئازاردانی یادەورەی نەتەوە

دیسانەوە گونتەر گراس پەنجەکانی دەخانە نیو ئەو برینانەی لەکۆنەستی نەتەوەدا قەتماغەیان بەستووە و دەیانەوێت لەنێو فەرامۆشیدا خۆیان نەفی بکەن ، ئەو برینانە ساڕێژ نەبوون بەڵام بەدووی چابوونەوەشدا ناگەڕێن ، دەیانەوێت وەك خۆیان لەقوڵایی بیرچوونەوەدا ببمێننەوە، لەکونجێکی تاریکی کۆنەستی نەتەوەدا خۆیان کوڕمەلە بکەن. وەك هەموو نەتەوەیەك لەسەر ئەم زەویە پڕ پارادۆکسە، هێزی ڕاکێشان بۆ لەبیرکردن بەهێزترو توندوتیژترە لەهێزی ئەو ئاشکرابوونەی کۆمەڵێ ئازاری دیکە، کۆمەڵێ گرێیەندی دیکە، کۆمەڵێ حەیاچوونی دیکە بەدووی خۆیدا دێنێ ، باشتر وایە هەمووشتێك لەبیربکرێت. هەموو چیرۆکەناخۆشەکان وەك یادەوەریەکی دوورو تۆزلێنیشتوو بەنیمچە حەقیقەت بمێنێتەوە کەشێوازی فیگورکێش نەکرێت. ئەم ساتە مێژوویانە ساتی بەریەکەوتنی کۆنەستە لەگەڵ ئەو ڕووداوە مێژوویانەی حەیاچوون وئازار بەدووی خۆیدا دێنن، ئەوساتی شۆکە هەمان ساتی فەرامۆشی ولەبیرکردنیشە.

گونتەر گراس ئەو ڕۆمانووسە پشوودرێژەیە هیلاك نابێت لەهەڵدانەوەی قەتماغەی ئەو برینە لەبیرکراوانەی نەتەوە، قەتماغەیەك ، سپی ، تەنك، بەئازار، ترسناك، کەزۆر جار کۆهۆشەمەندی گشتی بەڕابوردووڕیزەکردنی ، بەکردنی بە ڕابوردوویەکی تۆزلێنیشتو و بێبایەخ ، نەتەوە لەو تەماشاکردنە بەئازارە دەپارێزێت.

گراس بە پێچەوانەی هۆشمەندی باوی کلتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوە، بەقولیەوە لەو برینە ڕادەمێنێ ، هەر ئەوەندەش نا بەڵکو وەك ڕۆمانووسێك بەدووی پارچەکانی خۆیدا بگەڕێ کەلەجەنگدا وونی کردووە، وەك هیلاکێکی جەنگ ئاشکرایاندەکات، ئەوەندەش بۆ ئەو بەس نیە، نەخێر ، بەڵکو ڕۆمان و نۆڤێلەیان لەسەر دەنووسێ . ئەم پیاوە هیلاکە بێزارە واز لەنەتەوە ناهێنێت ئاهەنگی شکۆمەندی نەتەوەیی سازبکەن، ئەو ئاوێنەیەکی بێحورمەتی ڕابووردوویەکی بەدەستەوەیە چەند عەیامێکە نەتەوە خۆ دەدزێتەوە لەتەماشاکردنی، کەچی ئەو لەبەرزترین ودیارترین شوێنی نەتەوەدا ئەو ئاوێنەیە دادەنێت ، ئەو شوێنە کلتووری نووسینە بەهەموو تخوبە ترسناکەکانیەوە.

گراس واز لەو گرێیەندانە ناهێنێ قەتماغەببەستنن، خۆیان لەبیرکەن، ئەو دەزانێ چەندە ترسناکە فەرامۆشی و لەبیرکردنی ڕاستیەبەئازارەکان، ئەو هەرگیز ئەو نەتەوەی بیرناچێتەوەلەساتێکی فەرامۆشیدا ئادۆلف هیتلەریان بەسەرۆك وەزیران هەڵبژارد، ئەو هەرگیز نایەوێت ئەوە لەبیربکات لەئەنجامی فەرامۆشی ئەنقەستی کاراکتەری هیتلەر وناسیونال سۆسیالزمەوە چ کارەساتێك بەسەر ئەلەمانیادا هات. ئەو دەیەوێت هەموو وەرقەکان لەسەر مێزی نووسین ئاشکرا کات.

هەر بەو هەستە قوله ڕۆمانوسیه، توندوتیژه، ڕەخنەگرانەیەوە هەموو ئەو گرێـــبەندیەکانی کۆنەســتی ئەلــەمانی ئاشکرا دەکات. ئاشکرا کردنێــك دوور لەهــەموو شـانازیەکی ناسـیونالی ، ئاشـکراکردنی نوســەرێك بێشــەرمانە هــەموو گرییەندەکانی واقع دەکات بەحەیاچوونێك و بێپەردەش بۆ هەموو کەسێکی دەگێرێتەوە..

دیسانەوە گونتەر گراس دەنووسێت ، بەناچاری لوتی دەژەنێتە مەسەلەکانەوە، چارنیــە جگــە لــەلوت ژەنــین نــەبێتن خــۆ گوتەنی [ ساتێکە و دەبێت خۆمانی تێهەلقورتێنین ..]، نۆڤێلەی ( پاشەکشێ )یش خۆهەلــــقورتاندنێکی دیکەی گراســـە لە مێژوویەکی بەئەنقەست لەبیرکراو .

ئەم نۆڤێلەیە گەشتێکی ڕۆمانوسانەیە بەنێو یادەوەری مێژوویدا، گەشتێکە بــەنێو پرســیارەکانی ڕاسیســتی وپاشمــاوە ســەختەکانی ناســیونال سۆســیالزم لەنەســتی کـــۆی ئەلـــەمانیدا.لەهەمانکاتیشـــدا پرســـیاری جێمـــاوە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی دابەشبوونی ئەوسای ئەلەمانیایە بەدووبەشی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، پرسیاری ئەو عوسابەیە بــەردەوام وەك نەخۆشیەکی کرۆنیکی لەگەڵ ڕۆژانە ژیان و لەقەیرانەکاندا سەرهەلدەداتەوە، هەر وەك ئــەوەی ئەلــەمان مــەحکوم بن بەنازیەت و نەخۆشی راسیسزم.

## وونبوون لەنێو باوکێتیدا

فیگوری سەرەکی ئەم نۆڤێلایە لەبێباوکی خۆیەوە دەستپێدەکات و بەدرێژایی ژیانی هەولــدەدات ببێت بەباوك، بەڵام ئەو لەوە بێهزترە ببێت بەباوك لەگەڵ ئەوەی لە ژنی پێشووی کوڕێکی هەیە ناوی (کۆنراد)ە.

پاول پۆکریفکە ئەو باوکە ناباوکەیــە، پیشــەی ڕۆژنامەنووســە و بەرێکــەوت لەئینتــەرنێتدا ناونیشـانێکی مالپــەرێکی سەرنجراکێشی بەنێوی (شەهیدان ) بەرچاو دەکەوێت ، لەم مالپەرەدا باس لە نقوومکـــردنی پــاپۆرێکی گــەورە دەکرێــت کەناوی [گوستۆلف *Gustloff*]ە لەدەریای ئەلمانیدا کە بەدەریای خۆرهــەڵات ناســراوە، لەشــەوی ٣٠ یــانواری ١٩٤٥دا بەچەندەها هەزار بریندارو هەڵاتووی ژن وپیرو مندال لەنێوەراستی دەریادا بە تۆربیــدی ژێرەبەلــەمێکی ڕووســی ســوپای سور نقومدەکرێت. کارەساتەکە تاوەکو ئێستا ئەوەندە باسنەکراوە و ئەوســـا ش چ ئەلــەمانیا و چ ڕوســیاش پەردەیــەکی ڕەشیان دا بەسەر ئەو ڕووداوە و لەلەبیرچوونەوەدا نقووم بوو تاوەکو ئەوســاتەی لەســەر لاپــەڕەی شــەهیدان مەســەلەی نقوومکردنی ئەم پاپۆرە دەخرێتەوە بەر باس و ژووەکانی چاتی تایبەت بەم مالپەرە شــەرێکی بــەردەوام و گفتوگۆیــەکی بێکۆتایی بەخۆیەوە دەبینێ ، بەشداربووان لەم گفتووگۆیە بێزار نابن .

چیرۆکی نقوومبـــوونی گوســتۆلف ، چــیرۆکی لــەدایکبوونی فیگــوری ســەرەکی نۆڤێلەکەیــە، لەهەمانکاتیشــدا چــیرۆکی لەدایکبوونێکە بەبێ بوونی باوك، ئەو شەوەی کە پاپۆرەکە نقومدەبێــت، کچــە عــازەبێکی حەڤدەســاڵانی ســکپڕ لەســەر پاپۆرەکە ڕزگار دەکرێت و هەر ئەو شەوەش لەسەر پاپۆرێکی فریاکەوتن منالەکەی لەدایك دەبێــت، منــالێك کەدایکیشــی نازانێت لەکێ سکی پڕبووە [ نەخێر .. من باوکێکی ڕاستەقینەم نەبووە، ئــەوەی کەهــەبووە چــەند شــێوەیەکی نادیــار و ڤانتۆمی جێگۆڕن، ئەوانە سێ پالەوانن کە دەبێت بەگرنگی پێدانەوە وەك باوك قبولیان بکــەم ، بەهــەرحال دایکیشــم نازانێ کێ وەختی خۆی سکی پڕکردووە..][1] ، هەرلەشەوی نقومبوونی پاپۆرەکە باپیرە و نەنکی دەخنکێــن و دایکیشـــی بەمندالێکی بێباوکەوە ژیانی خۆی دەســتپێدەکات، زەمــەنی لــەدایکبوونی پــاول زەمــەنی مــردنی باپــیرە و نــەنکێتی کەلەگەڵ دایکی سواری پاپۆرەکەبوون . ئەوان لەقاتی خواری پاپۆرەکــە وەك هــەڵاتوو لەهێرشــی ڕووســەکان جێگــەی خۆیان کردەوەو و کچەسکپڕە عازەبەکەشیان لەقاوشی نەخۆش وسکپڕان لــەقاتی ســەروە بەجێهێشــت. ئەمــە ســاتەکانی لەدایکبوونی پاولە لەگەڵ مردنی باپیرە ونەنکی ئەو لــەدایکدەبێت، لەدایــکبوونێتی لەشــەوێکدا کەهــەزارەها خــەلك لەنێو ئاوی ساردی دەریادا دەخنکێن ورەقدەبنەوە، لەکاتێکدا هەزارەها خەلك دەمرن ئــەم بــەبێباوکی لــەدایك دەبێــت و تاکۆتایی نۆڤێلاکە وەك گرێیەندیەك هەولدەدات ببێت بەباوکێك بــەمانای بــاوك بــەلام لەوەشــدا تووشــی نشووســتی دەبێت، چونکە کوڕەکەی ناتوانێ وەك باوکێك قبولی بکات. ئیدی گرێی باوکایەتی تۆرێکی ســـاماناکی ئــەم نۆڤێلەیــە پێکدێنێ و لەهەمانکاتیشدا لەو دیــوو ڕووداوە مێژویەکــەی پــاپۆری گوســتۆلفەوە ، بــاوکێك هەیــە نادیــار ، ئیفلیــج ، ترسنۆك ، بێتوانا ، بەباوکێك مێژوگەرایی / نامێژوویی خۆی شێوەباز دەکات .

دیاره دەبێت ئاورێکی لەگوستۆلف بدەینەوە کەناوی پاپۆڕەکەیە ولەلایەن ئادۆلف هیتلەرەوە بەنێوی (ڤلێلم گوستۆلف) ناوزەدکراوە، ناوبراو یەکێکە بووە لەو کەسە ئەکتیڤانەی پێش هەڵایساندنی جەنگی جیهانی دووەم بۆ ناسیونال سۆسیالزم کاری کردووە و لەسویسرا کاری سیاسی خۆی درێژە پێداوە، لەچواری فێبراوری ١٩٣٦ لەلایەن خوێندکارێکی زانکۆی زانستە پزیشکیەکان کەبەڕەچەڵەك جوو بووە لەماڵی خۆیدا تیرۆر دەکرێت، چوار فیشەکی پێوە دەنرێت .دوای ئەم کارە خوێندکارەکە خۆی تەسلیمی پۆلیسی سویسری دەکات، داداگای سویسری ێ پازدەساڵ حوکم دەدا بەسەر ئەم خوێنکارەدا. ئەم خوێندکارە ناوی ( داڤێد فرانکفۆرتە) و لەکاتی مردنی دایکی سەردانێکی کورتی بەرلین دەکات، لەوێ [ دەبینێ مامەی کەوەکو ڕابینێکی باوکە بۆ ئەو لەلایەن منداڵێکەوە قەشمەری پێدەکرێ ،دەبینێ منداڵەکە هاوار دەکات و دەڵێت هێی هێی جولەکە..جولەکە ولەگەلیشیدا ڕیشی اابینی باوك ڕادەکێشێ..] [٢] ، داڤید لەژێر کاریگەری مردنی دایکی ودوای ئەوەی مەسەلەی ئازاردان وتالانی جولەکە لەئەلەمانیای نازی دەستپێدەکات، بڕیار دەدات گوستۆلف بکوژێ ، وەك ڕەمزێك بۆ نازی و لەهەمانکاتیشدا وەك تۆلەسەندنەوەیەکی سووکایەتیکردن بە ڕابینی باوك.

کوشتنی دووەمی گۆستۆلف ، نقومکردن پاپۆڕی گۆستۆلفە لەدەریادا،کە کاتی خۆی هیتلەر لەئاهەنگێکی ڕەسمیدا لەیادی ( شەهید گۆستۆلف) پاپۆڕەکەی ناوزەدکرد. بەم شێوەیە لەژێر تیتلی نەزۆکیدا (پاول) فیگوری سەرەکی نۆڤێلەکە لەسەر ئەو پاپۆڕە وەك کوڕێکی باوك نادیار ( بەزمانی ڕۆژهەڵاتیانە زۆل ) لەدایکدەبێت . لەلایەن کاپتێنی ژێربەلەمێکی ڕووسی کە ناوی (مارینسکۆ) یە فەرمانی تەقاندنی تۆربیدەکان دەردەکرێت و پاپۆڕەکە نقومی دەریادەبێت. باوکی مارینسکۆش پیاوێك بووە بەتێهەلدان وشەق مامەلەی لەگەل کوڕەکەیدا کردووە،مارینسکۆ سومبۆلێکی دیکەی کوڕێکە لەباوکێکی دڵ ڕەق ، ئیدی کوڕە بێباوکەکان و باوکەکان لەشەوی ٣١ یانواری ١٩٤٥ قەدەر ڕووبەڕووی یەکدیان دەکاتەوەو کوڕەکان و باوکەکان لەنێوان واقع و ڕەمزدا یاری جەهەنەمی خۆیان درێژەپێدەدەن ،یەکتری لەناو دەبەن و لەدایکیش دەبنەوە بۆ زۆرانبازیەکی دیکە ، ئەو لەدایکبوونەوەیەش زۆرانبازی نوێی پاولە لەگەل کوڕەکەی کۆنراد.

گونتەر گراس پێناسەی نیشتمان ونەتەوە لەیاری باوك و کوڕە نادیارو تەواو ناتەواوەکاندا هاوکێشەبەندی دەکات ، لەنێوان ڕەمزیەت و واقعیەت ومێژوودا جوانترین گرێچنی ڕووداوەکان و بەرجەستەیی فیگورەکانی خۆی لەزمانێکی ڕیالیستانەدا دادەڕێژێ ، زمانێك ئاوەها کەئەدەبی گێڕانەوەو چیرۆکی ئێمە سوودێکی زۆری لێوەر دەگرێ ، چ نەبێ بۆ ساتێك دوور بکەینەوە لەزێدەڕۆیی فانتازیایەك بەدەرە لەهەموو پڕنسیبێکی جوانی ،زمانێکی باو ، لەهەمانکاتیشدا دامالڕاوە لەزمانی گێڕانەوە کەڕیالستی بناغەیەکی کلاسیانەیەتی. گونتەر گراس تەکنیکی سومبولیەت وەك ڕێڕەوێك بۆ فانتازیایەکی سەربەست بەکاردێنێ ، وەك تەکنیکێکی بالای تایبەت بەخۆی و لەهەموو کارەکانیدا زمانی ڕیالستانە بۆ ئەوەیە کە سەربەستی بدات بەخوێنەر بۆ ئەوەی بەنێو تۆبۆگرافیای دەقەکاندا بێت وبچێت، دەقی گراس دەقێکە لەزمانێکی واقعیانە، زۆر جار وەسفکارانەوە پەلت دەگرێت بۆ بەردەم ژوورەکانی خەیال و لەوێ بەتەنیا بەجێدێت دێلێ، ئەم تەکنیکە جواداواز و توندوتیژو هەندێك جار ووشکە لە(دەرکەوتن/ Schein )یدا، بەڵام لە( بوون/ Sein) یدا نەرم ونیانی و خەیالێکی فراوانی لەخۆگرتووە.

تەنانەت سومبولاریزەکردنی کەسێتەکانیشی زەق نین بەقەد ئەوەندەی باگراوندێکی مێژوویی و ڕیالستانەیان هەیە ، ئیدی واقع خۆی دەبێت بەسومبۆل و ڕەمزیش بەجیاوازی ڕەمزیەتی ڕووت لەنێو مێژووی کەسەکاندا خۆی کۆرپەیی دەکات، لەهەمانکاتیشدا خوێنەری بەدیقەت بۆخۆی هەلدەبژێرێ ، ئەوەی چێژ لە ڕۆمانی گونتەر گراس وەردەگرێ کەسێکە دەبێت خۆی هیلاك بکات، بێزار بێت ، بەڵام واز لەخوێندنەوە نەهێنێت تاوەکو لە پشت ڕیالستی دەقەکانەوە کێلگەکانی دیکەی فانتازیا دەدۆزێتەوە. من لەوبڕوایەدام لەم نۆڤێلایەدا ئەم تەکنیکە لەئاستێکی زۆر باڵایە دایەو یاری نێوان ڕەمزیەت و کەس و مێژوو ئەوەندە هاوگیرو گرێیەندن کەمرۆ نازانی سنووری کامەیان لەکۆێ تەواو دەبێت وئەوی دیکەیان لەکوێ دەستپێدەکات . سنووری بیۆگرافیای کەسەکان و ڕەمزیەتیان تێکەلن و پێکەوە گرێن و لەچەند لایەکەوە لەچەقی ڕووداوە مێژوویەکەدا یەکدەگرنەوە، لەلایەکەوە گوستۆلف کەڕاسەو ڕەگەزی ئەلەمانە منداڵی نیە بەڵام خاوەنی خێزانە ڕۆلێکی ترسناك دەبینێت لە نێوان ناوی خۆی وەك مرۆڤ و ناوی وەك پاپۆڕێك ، لەلایەکی دیکەوە ا هاوکێشەی

کوشتنی باوك بەدەست کوڕ جارێکی دیکە لەنەستی دەقەکەدا خۆی دووبارەبکاتەوە بەڵام دیسانەوە لەنێو ڕەمزیەتی ناوەکان و بیۆگرافیای کەسیاندا.

هاوکێشەکە بەم جۆرە تەشکیلەدەبێتەوە، داڤێد کوڕێکی سومبولی باوکێکی پیرۆزە و جووە و گوستۆلۆفیش مێردە بەڵام باوك نیە یاوەکو هێشتا نەبووە بەباوك ،لەهەمانکاتیشدا پێموایە گوستۆلف سومبولاریزەکردنی هیتلەرە وەك مێردێك نەك باوکێك، بەم شێوەیە باوکەو کوڕەکان لە چەقی ڕووداوە مێژوویەکەی نقوومبوونی پاپۆڕەکە کۆتایی وسەرەتایی خۆیان لەمامەخولەیەکی ترسناکادا گێژ دەدەن و لەنێو یەکتریدا لەدایکدەبنەوە ، لەڕابوردوودا وەك زۆرانبازیەك بەکووشتنی گۆستۆلف کۆتایی پێدێت وبەنێولێنانی پاپۆڕەکە بەنێوی گوستۆلفەوە دەستپێدەکات و جارێکی دیکە بەنقوومبوونی پاپۆڕەکە کۆتایی پێدێت و بەلەدایکبوونی پاول لەهەمان شەوی نقوومبوونی پاپۆڕەکە دەستپێدەکاتەوە و جارێکی دیکە لەئێستادا لەسەر لاپەڕەکانی ئینتەر نێت زۆرانبازیەکان لەمەڕ زیندووکردنەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییە لەنێوان جولەکەیەکی دیکە کەلەنێو یەکێك لەچاتەکاندا ناوی خۆی دەنێت (داڤێد) خۆی بەجوو لەقەلەم دەدات و لەگەل کۆنرادی کوڕی پاول کەبەنێوی گوستۆلفەوە لەژووری چاتدا دژی یەکدی دەکەونە زۆرانبازی و لەکۆتایشدا کۆنراد /گوستۆلف لەیەکەم چاوپێکەوتنیدا داڤێد بە دەماچەیەکی تۆکارێۆفی ڕووسی دەکوژێ و چوارگوللە دەنێت بەداڤێدی نویێ لەتۆلەی ڕووداوی ١٩٣٦ کەداڤێدی جوو بەچوار گوللە گوستۆلفی کوشت .

ئاوا لەزەمەنی ئینەتەرنێت وگلۆبالدا کۆنرادی کوڕی پاول تۆلەی ئەو ڕووداوە دەکاتەوە، دیسانەوە زۆرانبازیەکی دیکە لەهەناوی زۆرانبازیەکی دیکە لەدایکدەبێتەوە، پاولی باوکیش دەیتوانی ڕێگربوایە لەوەی کوڕەکەی ئەم کارە نەکات، چاودێری ئەم چاوپێکەوتنەی بکردایە، تەنانەت لەدادگاییکردنی کۆنرادا بیگوتایە کوڕم من تۆم خۆش دەوێت، خەمبارمەبە، نەخێر ئەو کەئاگاداری ئەوە بوو کەکۆنراد خاوەنی ئەو مالپەڕەیە و بەناوی گوستۆلفەوە چیرۆکی نقوومبوونی پاپۆڕی گۆستۆلف دەگێڕێتەوە بەبێئەوەی باس لەلەدایکبوونی باوکی(پاول) بکات لەهەمان شوێن وساتی نقوومبوونی گۆستۆلف و لەسەر پاپۆڕێکی فریاکەوتن. ئەو هیچ ناکات ، تەنها جگەرە دەکێشێت و لەئینتەرنێت چاودێری ئەو زۆرانبازیە نوێیە دەکات کەکوڕەکەی بەرەو حەوت سال بەندی ڕاپێچ دەکات، ئەو لەوە لاوازترە باوك بێت یاخود پاول گوتەنی کەئەو خۆی [ باوکێکی درەنگ وەختە][٣] .

بەم شێوەیە گونتەرگراس هاوکێشەیەکی زۆر هونەریانە لەنێوان سومبولیەتی کەسەکان و واقعیەتیان لەنێوان ڕابووردو ئێستا دا گرێچن دەکات، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەتوانین ئەم هاوکێشەیە بەم شێوەیە ڕوونبکەینەوە

زەمەن ٤ فێبرواری ١٩٣٦ : کوشتنی گوستۆلف بەدەستی داڤێد کەڕەمزە بۆ تۆلە سەندنەوەی باوك وجوو لەنازیەت.

زەمەن ٣١ یانواری ١٩٤٥ : نقومکردنی پاپۆڕی گوستۆلف بەتۆڕپیدی ژێربەلەمی ڕووسی لەژێر فرمانی مارینسکۆ کە کوڕی باوکێکی دیارە - لەدایکبوونی پاول لەدایکێك کەلەنەفەرە ڕزگارکراوەکانی ئەو پاپۆڕەیە و هەر لەو شەوەدا لەسەر پاپۆڕێکی فریاکەوتن لەدایك دەبێت ، بەڵام وەك زۆلێك.

←

زەمەن ئێستا: کۆنرادی کوڕی پاول ناوی گوستۆلف لەخۆی دەنێت، یەکێك دەکوژێ ناوی داڤێدە لە ڕاستیدا بەبنەچە ئەلەمانە ناوی(ڤۆلڤگانگ شترێمپلین)ە خۆی لەنێو کەسێتی داڤێدی جوودا (کۆرپەبەند / تقمص ) کردووە ، بەمانای نیمچە جووە، کوڕێکی ڕەمزیە نەك واقعی ، چەکی کوشتنەکە دیسانەوە وەك چەکی نقوومبوونی پاپۆڕەکە وایە ، چەکێکی ڕووسیە، دەمانچەیەکی تۆکارێۆفە.

نیمچە باوك و باوکی درەنگ وەخت ↔ زۆل و باوك نادیار ↔ ئەلەمان و ڕووس و جوولەکە ↔ نیمچە ئەلمان ونیمچە جوولەکە و نیمچە باوك ..

---

ئەمە هاوکێشەیەکی جەهەنەمی زەمەن و ڕەمز وبیۆگۆافیای کەسی نێوان مێژووی کۆن وئێستایە کەگونتەر گراس بێبەزیانە لەفۆرمێکی بالاَی گێڕانەوەدا پێکەوەیان گرێدەدا.
خالێکی دیکەی گرنگی ئەم نۆڤێلاَیە گومان کردنە لەووشەیەکی زۆرباو لە زمانی ئەلەمانیدا کە نیشتمانی پێ پێناسە دەکرێت کەئەویش ووشەی باوکە ، لەزمانی ئەلەمانیدا بەنیشتمان دەگوترێت ( نیشتمانی باوك ) ، لەزمانی کوردی و عەرەبیدا نیشتمان دایکە و مێینەیە. گونتەر گراس کارەکتەری باوکێکی بێتوانا وئیفلیجی کۆمەلایەتی کردووە بەفیگوری سەرکی نۆڤێلاَکەی ، هەروەك لەسەروە باسمان کرد هەموو فیگورەکان لەکێشەی باوکایەتیدا گینگل دەدەن، باوکێك توانای ئەوەی نیە کوڕەکەی خۆش بوێت، باوکێك چاودێری ڕووداوەکانە نەك بەشدار، باوکێك درەنگ وەختە وەك چەمکێك کەناسیونالێتی درەنگ وەختی ئەلەمانی لەڕێگەیەوە حۆی پێناسەدەکات. بەگشتی کێشەی بوون بەباوك لە شتروکرتوری زمانەوە هەلگری تۆوی تێکشکاندنی خۆیەتی ، لەقەیراندایە لەگەل باوکبوونیدا و لەهەمانکاتیشدا قەیرانی ناسیونالیستی ئەلمانیە لەکریست دیموکراتەکانەوە تاوەکو سۆسیال کریست و دواجار نازیە نوێیەکان.
گونتەر گراس دەیەوێت بلێت کە نیشتمانی باوك هەلگرێکی نادیارو تەموژاویە و گوتەزای نیشتمانی باوك کەترادیتسیۆنی زمانی ئەلەمانیە لەباسکردنی نیشتمان و سروودی لەمێژەی دەولەتی ئەلەمانیە، گوتەزایەکی زمانەوانی پڕ گومان و نەزۆکە. ئەو لەڕێگەی کارەکتەریزەکردنی فیگورەکانیەوە هەموو شانازیە ناسیونالستیەکان دادەمالێ لەبەها زمانەوانی و مێژووگەراییە کەلەکەبووەکانی ، گومان دەکات لەهەموو شتێك نێوی نیشتمانی باوك و ناسیونالیە و دەیەوێت چیرۆکەکانی مێژوو داماڵێ لەهەموو فشەو هاتو و هاوری ناسیونالستی و جارێکی دیکە بەمرۆڤایەتی کردن وهیومانیزمەکردن یاخود ئاسایکردن ونۆرمالیتزەکردنی ئەم ڕابووردووە دەخاتە پێش هەموو ئەو شانازیە پووچانە.
پێموایە گونتەر گراس لەشەڕی بەباوکبوون ونەبوونی پالەوانەکانیدا زیرەکانە چەمکی نیشتمان وەك چەمکێکی ئەلەمانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، دایدەمالێ لەو باوکیاتیەی ناسیونال و نازیەنوێیەکان و کۆنزەرڤاتیفەکانی ئەلەمان شانازی پێوەدەکەن، دیسانەوە گراس شانازیە ناسیونالیەکان دادەمالێ لەهەموو مانایەك کە مێگەلی ناسیونال پێبەخشیوە ، هەروەك ئەوەی بیەوێت بلێت کەئێمەی ئەلەمان بەهەتیوی و زۆلی لەنێو ئەم پەرەگرافەی مێژووماندا دەمێنینەوە.

## بەندبوون لەنێو گێڕانەوەی دایکدا

[ بۆچی ئێستاکە؟ . یەکێکی دیکە ئەوەی گووت کەمن نەبووم. چونکە دایکم هەمیشە دووبارەو دووبارە..ئەوزەمەنە کاتێك قریشکە لەسەر ڕووبەری ئاو خۆی ڕاکێشا ..چونکە دایکم دەیویست بقیژێنێت بەلاَم توانای قیژەی نەبوو..چونکە حەقیقەت لەسێ دێڕ زیاتر نەبوو ..چونکە تەنها ئێستا... ] ل١ . پەرەگرافی سەرەتای نۆڤێلاکە.
دایك لە دێڕی یەکەمەوە هێزی گێڕانەوە بەخۆی دەبەخشێ، لەیەکەم دێڕی یەکەمەوە گێڕانەوەی چیرۆکی نقومبوونی گوستۆلف لە زاری دایکی پاول ( تولا پۆکریفکێ) بەردەوام تۆڕێك بەسەر ڕوبەری کەس وڕووداوەکاندا پەخش دەکاتەوە، لای پاول چیرۆکی لەدایکبوونی خۆی دەبێتە گرێیەندیەکی عوسابی ، چونکە دایکی پاول بەدرێژایی تەمەنی خۆی نەك تەنها دووبارەو سەدبارەی دەکاتەوە بەلکو کۆنرادی کوڕەزای خۆشی سەرسام دەکات بەو چیرۆکانە. کۆنرادی کوڕەزاش لەژێر کاریگەری چیرۆکی نەنکی ڕێچکەیەکی توند ڕەوەی و ڕاسیستی تێدا چەکەرە دەکات کەلەکۆتاییدا وای لێدێت لەبارێکی تاییەت بەنازیە نوێیەکان و بەنهێنی حکومەتەوە، دەربارەی نقوومبوونی پاپۆڕی گوستۆلف لەشەوی ٣١ یانواری ١٩٤٥ بۆ نازیە نوێیە کەچەلەکان[٤] کۆڕ بگرێت . پاشان یەکێك بکوژێت کەلەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ناسیوویەتی و بەنێوی داڤێدی جوولەکە خۆی ناساندووە. گێڕانەوەی دایك گێڕانەوەیەکی سەرەتانی ترسناکە و هەمیشە وەك سێبەرێکی بەئازار بەدووی پاولەوەیە. چیرۆکی دایکی کۆتایی نایەت ، دایکێك ئەوەندە فەرامۆش و لامسەلاییە

کەلەژیاندا نەیزانیووە کێ سکی پڕکردووە؟ لەگەڵ کێدا خەوتووە و باوکی حەقیقی کێیە؟ ، ئەم دایکە بەشێکە لەفەرامۆشی مێژوو،لەهەمانکاتیشدا بەشێکە لەخۆگێلکردن لە ڕاستەقینەیی مێژوو و چیرۆکەکانی ، ئەم دایکە یادەوەری پڕشکۆی باوی ئەلەمانیە کە پڕێتی لەشانازی تۆزلێنیشتوو، شێوێندراو، لوتبەرزی بێمانا و ترسنۆکی شێردراوە ، ناسیونالێتێتی سەرئاوکەوتووی داماڵراو لەهیومانیەت تەنانەت لە هەستکردنیش بەنیشتمانێکی باوك نەزۆك ، باوك نادیار و ئانەنومێکی پڕ لە ڕابووردوویەکی پیس...

دایك هەر دەیگێڕێتەوە و دەیگێڕێتەوە، دایکێك لەساتێکدا بە ئادۆلف هیتلەر سەرمامە لەهەمانکاتیشدا لەشەوی مردنی ستالیندا مۆم دادەگیرسێنێ و دەگری [ڕۆژی ئاشکراکردنی مردنی ستالین، ئەو ڕۆژە بوو کەلەموبەقی ئێمەدا مۆمێکی زۆر داگیرسا، من هەرگیز دایکم نەبینیوو ئاوەها بەکول بگری ... ]ل ٣٩ ئەمە لایەنێکی دژەکاری کەسایەتی ئەم دایکەیە کە لەهەمانکاتدا بۆ ستالین فرمێسك دەڕێژێ و لەئەلەمانیای سۆسیالستی و لەناوچەکەی خۆیدا وەك کرێکارێکی دلسۆز بۆ سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی ناودەردەکا، بۆ تێکشکاندنی پەیکەری گوستۆلفوفیش دەگری و هەموو جارێکیش بەنهێنیەوە وەك ڕیتوالێك (عادەتێکی ئاینی) گول دەخاتە سەر شوێنای ئەو پەیکەرەی کاتی خۆی بەئامادەبوونی سەرانی نازیەت لەنێو دارستانێکداو ڕووبەڕووی دەریا پەردەی لەسەر هەلدرایەوە ، لەکۆتایی جەنگیشدا ڕووخێنرا و تەنها بناغەکەی لەو شوێنەدا لەنێو گژو گیای هەلساو بەفەرامۆشکراوی مایەوە. ئەوەتا پاول دەلێ [دایکم گووتبووی کەئەو بۆ پەیکەری ڤلهێم گوستۆلف کەلەپەنجاکاندا تێکو پێکیان شکاند گریاوە، ئەوانەشی ئەو کارەیان کردووە بەرجنێوی ئەو کەوتوون ودایکم بە قەبرتێکدەر ناوی دەبردن..]ل٤٠

لەهەمان شوێندا داڤێدی ( داڤیدی ساختە) وکۆنراد یەکدەگرنەوە ، داڤێد تف دەکات لە شوێنای پەیکەرەکەو کۆنرادیش هەرلەوێ چوار فیشەك دەنێت بەداڤێدەوە و دەیکوژێت، هەروەك چۆن داڤێد فرانکفۆررتەی ڕاستەقینە لەسالی ١٩٣٦ دوای کوشتنی گوستۆلف خۆی تەسلیمی پۆلیس دەکات و تاکە قسە کەپۆزش بۆ ئەو تاوانە بهێنێتەوە ئەوەیە کەدەلێت ( من ئەوم کوشت ، چونکە من جولەکەم) ، بەهەمان شێوە لە شوێنای پەیکەری گۆستۆلفەوە، کۆنراد بەرەو پۆلیس ڕێگەدەگرێتە بەر و لە پۆلیسخانەشدا هەمان ڕستەی داڤێد فرانکفۆرتە دووبارە دەکاتەوە بەلام بەهەلگێڕانەوەیەکی پێچەوانە ( بەلێ من ئەوم کووشت ، چونکە من ئەلمانم ..) .

شوێنایەك کەدایك و داپیرە پیرۆزی دەکات هەر ئەو شوێنەیە کەنەوەکان تێدا دەستیان دەچێتە خوێنی یەکترەوە، دایك بکوژێکە و لەو دیوو کوشتنەوە خۆی دووبارە دەکاتەوە، پاول ئەو فیگورە سەیرەیە لەنێوان باوکێکی نادیارو دایکێکی پڕ دژایەتی زمانڕەش و کۆلنەدەر لەگێڕانەوەی شەوی لەدایکبوونی ئەو کوڕەی لەگەل نقومبونی پاپۆڕەکە لەسەر ڕووبەری دەریا بەبێ قیژە وهاواری دایك هاتە دنیاوە. ئەو شەوە هەستی بەئازاری لەدایکبوون نەکردبوو چونکە دکتۆری قاوشەکە ، کاتێك پاپۆڕەکەبەرەو نقوومبوون ڕۆدەچوو شرینقەیەکی لێدا ، دەرزیەك بۆ ئەوەی بەبێ ئازار مندالەکەی لەدایك بێت.

لەسەر پاپۆڕی فریاکەوتن و لەکاتێکدا پاپۆڕی گوستۆلف بەتەواوەتی نقوم دەبێ ، لەگەلیشیدا بەم شێوە تراژیدۆکۆمیدیە پاول لەدایکدەبێت، لەگەل قیژەیەك کەنەهاتۆتە دەرێ ، دایکێك ئازاری بەلەدایکبوونی ڕۆلەکەیەوە نەچەشتووە، دایکێك مێژوویەکی پڕدژەکار لەنێو دەریادا جێدێلێ و بۆ کوڕەزاکەشی بیرەوەریەك ڕەگاژۆدەکات لەبەندیشدا بەشانازیەوە بەردەوامی دەدا بەخۆی، دەبێت ئەم دایکەی گوننتەر گراس چ جۆرە دایکێك بێت؟ ! !

ئەم دایکە بەشێکە لەفەرامۆشی و بەشێکیشە لە خۆگێلکردن، ئەم دایکەبەتەواوەتی ئاگای لەڕووداوەکان نیە،کە چۆن وبۆچی ڕوویانداوە، ئاگای لەو هەموو ووردەکاریە نیە کەتایبەتە بەنقومبووونی گۆستۆلفەوە، کۆرپەبوونێکی نیمچە حەقیقەتە. دایکێکە بۆ شکۆمەندیە گچکەکانی ڕۆژانەی خۆی دەژی و دەیەوێت قاچێکی لەنێو ڕابوردوودا بێت بەهەموو شانازیەکانیەوە و قاچێکیشی لەئێستادا بێت بەهەمووو سەرکەوتن و وەهمەکانی شانازی ناسیونالیەوە؟؟، ئەوەی وێنەی ئەو دایکە نیگارکێش دەکاتەوە کۆمەلێ ڕاستی مێژوویی یەك لایەنەن کەشانازی پێویستی پێیەتی نەك بەرجەستە بوونێکی حەقیقی مێژوو بێت. ئەم دایکە یادەوەری یەك لایەنەی مێژووەو نایەوێت کەس بەڕەخنەوە سەیری ئەو مێژووە بکات، ئەم دایکە یادەوەری ناسیونالیستی ئەلەمانە کەبەیەکگرتنەوەی لەگەل کۆنزەرڤاتیەتدا تۆڕێکی لە شانازی و خۆگێلکردن پێکهێناوە، لەدوا ئامانجدا دەبن بەوسێبەرانەی نازیە نوێیەکان لەژێریدا وەك قارچك

هەلدەتۆقێن.. ئەم دایکە چەندە مەترسیدارە کەهەمیشە لەگێلێتی خۆیدا و بەشێك لەحەقیقەت ئاشکرا دەکات نەك حەقیقەت بەهەموو هێل و ئاسۆگە و ئێوارە و بولێلیەوە، ئەم دایکە مێژوویەکە ڕۆلەکانی خۆی فێرە فەرامۆشی دەکات.
لەهەمانکاتیشدا هەستکردن بەتاوان لای ئەم دایکە ووشەیەکی نامۆیە، لەقولایی خۆیدا هێزێکی جەهەنەمی هەیە کەهەموو هەستێك لەم جۆرە فرێداتە دەرەوە، ئێمە لەبەردەم فیگورێکن کەخۆی لەنێو مێژودا کاراکتەریزە دەکات بەوەی هەموو ڕاستیەکان لەچەند بەشێکی پچڕاو و گەشبیندا خۆیان دەردەخەن بەمانای دەرخستن و ئەویتریش بۆ لەبیرچونەوەیە، هەمان لەبیرچوونەوەیە بۆنەوەی سێهەم (کۆنراد) بەمیراتی دەمێنێتەوە و تەنانەت لە بەندیخانەشدا بەردەوامە لەسەر بیربۆچونەکانی، ئەو میراتیەی لەنەکیەوە بۆی ماوەتەوە فەرامۆشی لایەنەڕەشەکان وسڕینی دەستی خوێناوی بە پشتی ئەوانی تر.
ئەم دایکە کاتێك بێ ئومێد دەبێت لەوەی کوڕەکەی ( پاول) لەژیانی ڕۆژنامەنووسی خۆیدا تەنانەت یەك دێڕی لەسەر ئەو ڕووداوە نەنووسیوە، بێئومێدە کاتێك دەبینێت ڕۆژهەلاتی ئەڵەمانیا بەجێدێلێ بۆ ئەوەی بەردوامی بدات بەخوێندنی بالا، کەچی دەبیستێ بووە بە پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی چەپ و ڕەخنەش لەبلۆکی سۆسیالستی و سوستێمی سۆسیالستی ئەلەمانیای ڕۆژهەلات دەگرێ، دایکێك کەچۆن بۆ چیرۆکی گوستۆلف ونازیەت دلسۆزە، ئاوەها بەهەمان هێزەوە خۆی لەگەل چوارچێوەی ئایدۆلۆژی بلۆکی سۆسیالیستیدا دەگونجێنێ و کاری کوڕەکەی بەعەیبەیەك تێدەگا بەناوچاوانیەوە، ئەو کوڕەی دەیەوێت دوور بێت لەو هەموو چیرۆکە پڕ شانازی وناسیونالی وبەهەییەتانە و بەڕەخنەوە لەو مێژووە دەڕوانێ. ئەو کوڕە لەچاوی دایکی شکستەخواردێکی (فاشل) ڕاستەقینەیە، کوڕێك لەتەمەنی کامل بوونیدا جگەلەجگەخۆرێکی پیس نەبێت هیچی دیکەی لێدەرنەچووە، بەلام کۆلنادات ، چاوی لەسەر کوڕەزاکەیەتی بۆ ئەوەی ئەو شانازیە ناسیونالی و وەهمە درێژە پێبدات. ئەوەتا پاول دەلێت [ دایکم پێگووتم: لە کۆنراد چاوەاوانی شتی مەزنی لێدەکرێ، کاری گەورە و گرنگ نەك وەکو تۆ کەجگە لەشکستەخواردوویەك نەبێت هیچی دیکەت لێدەرنەچووە، منیش گووتم : تەواو ڕاستە ، ڕاستە چاوەڕوانی کاری مەزنی لەمن ناکرێ ، بەلام وەك دەبینی دایەگیان منیش پێدەگەم و پەرەبەخۆم دەدەم و خەریکە دەبمە جگەرەخۆرێکی عەجایب ،بێگومان گەر بتوانین ناوی پەرسەندنی لێبنێن..] ل ٤٥
دایك جەستەیەکە لەنێویدا هەموو بیۆگرافی مندالەکانی خۆی دەسڕێتەوە و تاکۆتایی نۆڤێلاکە دایك وونبوونی ڕۆلەکانی خۆی درێژە پێدەدات.

## چارەنووس و فەرامۆشیەکی ترسناك

چارەنوسی کەسەکان لەم نۆڤێلایەدا چارەنووسێکی پڕنوشستیە ، چارەنوسی مارینسکۆ ی ڕووس کەئەفسەری پلەیەکی فەرماندەری ژێرە بەلەمە ڕووسیەکە بوو، نەك هەر مەدالیای ئازایەتی پێنابەخشرێ ، بەلکو لەژێر پەستاوتی ئیداری بیروکراتیەتی سوپای سووردا سوپا جێدێلێ و لەکارگەیەکدا دەبێتە ژمێریار، بەهەمان هەستی دلسۆزیەوە بۆ سۆڤیەت کار دەکات ، بەلام کاتێك بەرتیلخواردنی ئیدارەی کارگەی بۆئاشکرا دەبێت ، دەکەوێتە نێو جەنگێکی سەختەوە، بەلام دیسانەوە بەختی یار نابێت و داداگا بڕیاری سێ سال کارکردن وبەندی بەسەردەدەن لەو دوورگە چەپەکانەی کە ( سۆلژێنیستین) لەڕۆمانی دۆکۆمینتاری [ ئەرخبیل گۆلاك] باسیکردووە. مارینسکۆ سێ سال لەژێر سەخترین باری ژیاندا وەك کۆیلە کاری پێدەکەن، لەهاتنە دەرەوەیدا مرۆڤێکی تەواو تێکشکاوە، کەشتیەکی شڕ وڕزیوە لەبەندردا دەگیرسێتەوە بۆ ئەوەی لەسەرەخۆ بڕزێت و نقومی ژیانی ڕاوەستاوی بێت.
دیارە کوژرانی هەزارەها ژن ومندال لەئاوی ساردی دەریادا، کاتێك مندالەکان بەمردوویی ، بەجەستەی شینبۆوە لەسەرمادا سەرڕووبەری ئاو دەکەون، کاتێك هەموو هەلاتووەکان لەنێو ئاودا لە پەلوپۆدەکەون و یەك لەدوای یەك بەمردوویی ، بەجەستەی شینەوە سەرئاو دەکەون، کاتێك مندالەکان سەریان لەنێو ئاودایە و بەجەستەی سڕیانەوە سەرئاوکەوتوون وسەریان شۆڕکردۆتەوە نێو ئاو، لەکاتێکدا کوژرانی ئەم هەموو هەلاتووانە بەتۆڕبیدەکانی مارینسکۆ

لەناوەچن، لەوکاتەشدا سەری دایکی پاول سپێتی تێدەکەوێت و لەهەموو بۆنەیەکدا دەلێت [ ] ، لەگەل ئەم سپی تێکەوتنەی پرچەکان پاول لەدایك دەبێت..

ئیدی چارەنووسی مارینسکۆ کەدوای دووسال لەمردنی ستالین وبە پیری مەدالیای شەرفی نقوومکردنی پا پۆری گۆستۆلفی پێدەبەخشن، لەبەرئەوەی ئەو کاتە سۆڤیەت پێی شەرم بوو باس لەو ڕووداوە بکات و ئەلەمانیاش دوای دۆڕانی ئەوەندە سەرقالبوو، کەڕووداوی ئاوەها باسبکرێت ، وەك پەرچەکردارێکی دژ بەڕابووردوو ئەو هەزارەها خەلکە بێتاوانەی لەگەل پێچانەوەی مەلەفەکانی نازیەت فەرامۆشکران و کەس باسی نەکردن. ئازاری ئەو خەلکە بێتاوانانەی لە پێچی ڕووداوەکاندا بەفەرامۆشکردنەوە لەبیردەکرێن و وندەبن تەوەرەیەکی دیکەی گالتەجاڕیەکانی قەدەرە گونتەر گراس بەهەموو توانایەکیەوە زیندووی دەکاتەوە.

ئیدی مارییینسکۆ لەوپێچەدا ووندەبێت، مندال و ژن و پیرە بێتاوانەکان کەلەدەریادالەناوەچن ، لە پێچەکانی چیرۆکی ناسیونال سۆسیالزمی ئەلەمانی کارە تاوانکارەکانیانەوە ووندەبن و باسناکرێن، داڤێد فرانکفۆرتەش دوای نۆ سال بەندی و تێکشکاندنی نازیەت لەسویسرا ئازاد دەکرێت و لەئیسرائیل وەك فەرمانبەرێك لە وەزارەتی بەرگری ئیسرائیلی بەبێئەوەی کەس باس لەو بکات ،کەئەوێك پێش جەنگی جیهانی دووەم ، پێش ئەوەی نازیەکان سەربازگەکانی جووکوژی بکەنەوەو کەبە ( ئاوس شڤیتز – Ausschwitz بەکوردی مانای ئارەق کردنەوە– ) ناوزەدکرابوون و هەزارەها جوویان کۆمەلکوژ بکەن و بسوتێنن، داڤێد پێش ئەم ڕووداوانە دژی نازیەت جەنگا و گوستۆلفی نازی تیرۆرکرد، بەلام وەك مارینسکۆ ئەویش لە لەبیرچوونەو و فەرامۆشی مێژوویدا ژیانی بەسەر برد . لەهەمانکاتیشدا پاولی لەدایکبووی نێو ئەم ڕووداوە جگە لە پیاوێکی فەرامۆش و پەراوێزگیری جگەرەکێش نەبێت هیچی دیکە نییە..

ئەوانەی کەدەمێننەوە و دەیانەوێت ئەم چیرۆکە درێژە پێبدەن ئەوانەن لەبێهودەیی و نەخوێندنەوەی ڕیالستانەی ئەو پەرگرافانەی مێژوودا لەقەیرانێکی بەردەوامدان، ئەوانەن کەدرێژە بەشانازیە پڕ وەهمەکان دەدەن. فیگوری داپیرە وکۆنراد بەرجەستەبوونی ئەم یادەوەریە پڕتەمومژاوی و وەهم ڕێژەن ، ئەمانەن درێژە بەم چیرۆکەدەدەن .

کۆنراد لە بەندیخانەشدا ئەکتیفە ونموزەجی پاپۆڕێك دروستدەکات بەتەواوەتی لەگوستۆلف دەچێت بەهەموو ووردەکارەکانیەوە. لەهەموو سەردانەکانی پاولدا کۆنراد باسی ئەو پاپۆڕەدەکات، هەموو ماتریالە پێویستیەکانی دروستکردنی ئەو نموزەجە گچکەیە لەلایەن نەنکیەوە بۆی پەیدا دەکرێ ، نەنکێك بەردەوامە لەگێڕانەوە بێهودەییەکانی ، نەنکێك واز ناهێنێت نەوەکان دوور لەهەموو ڕق وڕاسیستیەك هەناسە هەلکێشن، چیرۆکەکانی مێژوو ، بێتاوانەکانی ئەم ڕووادوانە وەك خۆیان باسبکەن نەك دامالینی لەهەموو دووریە مێژووە ڕیالستیانەکەی. ئیدی کەشتی گوستۆلف جارێکی دیکە بە نموزەجی دروست دەبێتەوە، لەبەرابەریشیدا پاولی باوك بەفەرامۆشی و لامسەلاییەوە لەکۆنراد دەڕوانێ ، ئەو تەنها سەیرکەرێکی ترسنۆکە، هەرچەندە لەدوا سەردانی پاولدا کۆنراد پاپۆڕەکە دەکێشێت بە زەویداو تێکو پێکی دەشکێنێت ، نەك وەك ڕەتکردنەوەی چیرۆکی گۆستۆلف بەلکو وەك تورەبوونێك لەفەرامۆشی ترسناکی باوك و پێدەلێت [ ها ..بابیلە[٥] ئێستا کرمەکەت مرد.. ئاسودەبوویت.] دوالاپەڕە ٢١٦ ..

بەلام ئەم یاریە جەهەنەمیە ڕاسیستانە کۆتایی نایەت، گەمژێتی ناسیونالی کۆتایی نایەت و ئەوەتا پاول لە ئینتەر نێتدا مالپەڕێك دەبینێت لەیادی مالپەڕی کوڕەکەی کەبەنێوی شەهیدانەوە هەبوو، ئەم مالپەڕە نوێیە بەنێوی کۆنرادەو لەجیاتی یادکردنەوەی گۆستۆلفی نازی وپاپۆڕەکەی ،یادی کۆنراد و پالەوانبازی ئەودەکات کە داڤێدی زەمەنی ئێستای (خۆکردوو بەجوو) کووشتووە، پاول لەکۆتاییدا دەکەوێت بەسەر ژەهری ئەم چیرۆکە ڕاسیستانەی ئەلەمان کەبەردەوام بەدرێژایی زەمەن خۆی دووبارە دەکاتەوە، دوا ڕستەی نۆڤێلاکە بە ڕستەی پاول کۆتایی پێدێت کاتێك مالپەڕی نوێ دەبێنێت یادی کۆنرادی کوڕی دەکەنەوە و نوسراوە [ ئێمە بڕوامان بەتۆیە، ئێمە چاوەڕوانت دەکەین، لەسەر ڕێبازی تۆ بەردەوام دەبین ودوات دەکەوین.. ] ، ئیدی پاول دەلێت ، ئەم چیرۆکە [ هەرگیز کۆتایی نایەت، هەرگیز واز ناهێنێت ..هەرگیز خۆبەدەستەوەنادات، واز ناهێنێت..] ...

## گونتەر گراس وەك كۆرپەبوونێكی ڕیالستی نوێ

كاتێك باس لەگونتەر گراس دەكەین ، باس لەسوستمێكی تەواوی ژیانی ئەلەمانی دەكەین كەنەوەی جەنگی جیهانی دووەمی لەخۆ گرتووە، بەلام ئەم پیاوێكی ئێجگار سەیرە و بەردەوامیش ئەوەندەی جیاوازی و شەڕ بەرپا دەكات ، ئەوەندە گونجاو نیە لەگەل شانازیە كۆمەلایە تی و ناسیونالیەكان. لەگەل ئەمیشدا ڕۆمانووسێكی وەك مارتین ڤالسەر كەنەوەی گونتەر گراسە ئەو هەموو وورژاندەش لەلایەن ئەویشەوە چاوەڕوانكراوە. بەگشتی ئەم دووانە دەمێك لەگەل ناسیونالەكان ودەمێك لەگەل حكومەت و دەمێك دەربارەی چیرۆكی جولەكەكان لەگەل ڕای گشتیدا دەكەونە كێشمە كێشم. ڕاستیتان دەوێ ئەم نوسەرانە زۆر خۆشەویسیت نین بەقەد ئەوەندەی بەمەجبوری داهێنانیانەوە لەلایەن بەشێكی زۆری بەنێو ڕۆشنبیر وسیاسەتبازانی ئەلەمان قووت دەچن.

گونتەر گراس لوت دەژنێتە هەموو ئەو پرسیارانەی نەتەوە بێزار دەكەن ، ئەم پیاوە پێش هەموو كەس زەنگ لێدەدات كاتێك ناسیونالی ئەلەمانی بەناڕاستەوخۆ و پێواریەوە دەیەوێت دزە بكاتەوە نێو كۆ هۆشمەندی كۆمەلایەتی. ئەو دەزانێ كەئەم ناسیونالزمە بنەمای مێژوویی خۆی هەیەو هەمیشەش بەدووی هەموو سەركەوتن و بۆ نەیەكدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی خۆی دووبارە تەشكیلە بكاتەوە، گراس لەزۆر شتی وورد دەسلمێتەوە كە زۆربەی ڕۆشنبیران وسیاسەتمەداران تەنانەت وەرزشكارانیش پەی پێنابەن، ئەو زۆر زوو بۆنی مەترسیەكانی ناسیونالستی توندڕەوی ئەلەمانی دەكات و بێڕەحمانە ڕەخنەی لێدەگرێ ، ئەو نایەوێت نەتەوە لەڕێگەی بۆنەكانیەوە بكەوێتەوە نێو چالە دێرینەكانی ناسیونالستیەك بۆنی ڕاسیستی لێدێت. دوونمونەی بچوك هەیە لەمێژووی تازەی گونتەرگراسدا، یەكەمیان گوتارەكەی بوو لەكلێسای پاول لەفرانكفۆرت كەڕستە بەناوبانگەكەی [ من شەرم لەوولاتەكەی خۆم دەكەم كە مامەلەو بازرگانی بەمردنەوە دەكات و داواكاری پەناهەدەیی كوردەهەلاتووەكان ڕەتدەكاتەوە] ٦ ، ئەم شەرمكردنە لەنیشتمان و حكومەتێك دنیایەك شانازی وسەروەری بۆ خۆی دەستەبەر كردووە ڕستەیەكی جەهەنەمی بوو ڕای گشتی ئەلەمانی ووروژاند، هەر لەهەمان گوتاریدا خۆی و یەشاركەمال لەسێ خالدا گرێبەندی دەكات ، یەكەمیان بەوەی چۆن یەشار كەمال كوردەو بەوە دەنالێنێ بەزمانێكی دیكە بنوسێ و لەنێو كلتورێكی دیكەی زمانەوانیدا چیرۆكەكانی خۆی بگێڕێتەوە، ئاوەها ئەویش وەك لەدایكەوە پۆلۆنیەكی (كاشوبێ) یە و دەبێت وەك یەشار كەمال چیرۆك وئارەزوومەندی خۆی بۆ نووسین بە یادەوەری زمانەوانی ئەلەمانی بنوسێتەوە، لەدووەمیاندا ئەویش وەك یەشار كەمال خۆی لەوولاتێكدا دەبینێتەوە كە مومارەسەی كووشتنی بەكۆمەلی نەتەوەو ڕەگەز و گروپە ئیتنیەكانی نێو خۆی كردووە، سێهەمیان ئەوەیە وەك چۆن یەشار كەمال دژی شەڕی لەناوبردنی حكومەتی توركیە دژی كوردەكان و بۆ دیموكراسیەت خەبات دەكات ، ئاوەها ئەویش دژی ئەو ڕاسیستیە خەبات دەكات كە دژی تۆلەرانس و لێبوردنی پێكەوەیی مرۆڤە لەئەلەمانیادا، ئیدی ئەم پیاوە چی ناكات ...

دەربارەی ئەوەی كەلەم سالانەی دوایدا كۆمپانیەكان بەئاسانی هەزارەها كرێكاری خۆیان دەردەكرد و لەبەرامبەریشدا كرێكاران زۆر بەگرنگی پێنەدانەوە ئەم دەركردنیان قبولدەكردو هەولیان دەدا لەشوێنی دیكە كار بدۆزنەوە، گونتەر گراس لە چاوپێكەوتنێكدا ڕەخنەی لەكارەكتەری كرێكاری ئەلەمانی گرت و گووتی كرێكارانی سەدەی نۆزدە هوشیارانەتر لەكرێكاری ئێستا مامەلەیان لەگەل ئەم جۆرە كێشانەدا كردووە.

تەنانەت بیرم دێت هاوینی پار ( ٢٠٠١) خۆی هەلقورتاندە وەرزیشەوەو دەستی خستە سەر ئەو مۆتیڤە شاراوە، دژە وەرزشە وپالپێوەنەری فوتیۆلی تیپی بایەر میونشنی ئەلەمانیە لەیارەیكانیدا. ئەو ڕەخنەیەكی توندوتیژی لە ( ئێفن بێرگ)ی كاپیتانی بایەر میونشن گرت وگووتی ئەو هەموو شتێكە تەنها وەرزشەوان نەبێت ، دیارە مەبەستی لەوە بوو كەبایەر میونشن لەهەستێكی ناوچەگەری بایەرییەوە سەرچاوەی هەلگرتووە نەك هەستێكی وەرزشكارانە. بایەر وحكومەكەی بەناوبانگن بە كەللەڕەقی ناسیونالی و سلەمینەوە لەبێگانە و حیزبی دە سەلاتدار CSU لەو ناوچەیەدا كەمیونشن پایتەختێتی و شارەكانی وەك نورنبێرگ وڤرتزبورگ و پاساو و ئاوگیسبۆرگ و چەندەها ناوچەی دیكەی

**خوارووی ئەلچەمانیا دەگرێتەوە، حزبی زۆرینەیە. گراس دەزانێ ڕاسیستی ودژە لێبوردن وپێکەوە ژیان لەچ جومگەیەکی کۆمەلدا سەرهەلدەداو بە سەختی ئەو شانازی و هەستە ناوازەیە بریندار دەکات و زۆر زووش پێشینە مێژوویيەڕەشەکەیان بیردێنێتەوە.. نۆڤێلای پاشەکشێ کارکردنێکی دیکەیە لەنێو ئەو یادەوەریەی بەردەوامی دەدات بەشانازی وەهمەکانی ، پێدەچێ گراس بیەوێت بلێت کە یەکگرتنەوەی ئەلەمانیا جگە لە وەهمێك زیاتر هیچی دیکە نیە کەهەمان شتروکتوری ڕاسیستی دژی ئەلەمان خۆشی لەکاردایە و ئەلەمانی بەشی ڕۆژئاوا تاوەکو ئێستا بەچاوێکی نزم لە ئەلەمانی ڕۆژهەلات وشێوە ژیانیان دەڕوانن، ئەم یەکگرتنەوەیە تەنها سیاسی و ناسیونالیە، دەنا لەخودی هۆشیاری کۆمەلایەتیدا ، لەکۆنەستدا ئەلەمانیا دووبەشە و بەردەوام لەسەر ئەو بنچینەیە لەژێر ماسکە جۆراوجۆرەکاندا گوزراەشت لەخۆی دەکات.**

**گونتەر گراس ئەو نوسەریە بەردەوام ڕیالستە و ئەکتیفە لەهەموو پرسیارەکانی کۆمەلی خۆیدا، نموزەجێکە لە نەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی و بێئاگایمان لێی گەورەترین وانەی شەڕکردن و جوانی لەدەست دەدەین، ئەم پیاوە لەهەموو ڕۆمان و نووسینەکانیدا چەندە ڕیالستە ئەوەندەش خاوەن فانتازیا و یۆتۆبیای گێڕانەوەیە، فاناتازیایەك لەتەکنیکێدا خۆی بەرجەستە کردووە کە زمان لە ڕیالستیی ڕووداوەکانەوە ڕاکێشی فانتازیا وکرانەوە دەکات، لەفانتازیاشەوە دەیهێنێتەوە بۆ نێو فۆرمی ڕیالستانەی گێڕانەوە. زمانێك کەسەکان، شوێنەکان، خەونەکان بەزمانی ڕیالستی دادەدایژێ ، بەلام خەیال بۆ خوێنەر جێدێلێ بۆئەوەی یۆتۆبیای خۆی ، ماناکانی خۆی تێدا ئازادکات، ئەوەی ئێمە لەم تەکنیکەوە فێری دەبین ئەو ڕیالستیە نوێیە، توندو تیژە زمان بالا، پڕفاناتزیایە کەلەسەر بنەمای واقعیەت خۆی گرێچن دەکات، مێژوو دەکات بەگۆڕەپانێك لە هەستکردن بەتاوان و شەرم و سەرکەوتن و تاکڕەوی و فەرامۆشی ئەو کەسانەی مرۆڤی سادەبوون ولەو پێچانەدا لەبیرکراون ، ئەو هەمیشە لەنێو برینی زماندا ڕاکشاوە ، هەر وەك ئەوەی مێژوو خۆی گێڕانەوەیەکی زمانەوانی ڕۆمانخواز بێت وەك لەوەی وەهمێك بێت لەوەهمەکانی شانازیە سیاسیەکان.**

**نۆڤێلای (پاشەکشێ) فێرمان دەکات دوور کەوینەوە لە ڕستەی زیاد و نابەرجەستەیی فیگوری چیرۆك ورۆمانەکانمان، فێرمان دەکات لوتبژەنینە نێو هەموو جومگەیەك لەجومگەکانی مێژوو و کۆمەل و ئەوەندە حیزەلانە بەنێوی ڕۆمانسیەتی پووچەوە خۆمان لە دنیاسیحرییە بێ یۆتۆبیاکان تەنهاڕیز و قوشمەلە نەکەین کەوەك ئەو گولی نایلۆن جوانن بەلام زیندوونین، ئەم تەکنیکە فێرمان دەکات کەبالاترین فانتازیا و دنیای سیحری، ئەو دنیایەیە لە ڕیالستی فیگور و مێژوویانەوە سەرچاوە هەلدەگرێ، بەلێهاتووانەوە زمانێکی بالای گێڕانەوەن بێئەوەی شیعریەتی خۆیان ونکەن، کەشیعرزەدی مێژوو واقعە بەهەموو توندوتیژی وجوانیەوە.**

**سوپاس**

**تەواو**

**ئیسماعیل حەمەمین**
**ئەلەمانیا – نورنبێرگ**
**بەروار** 25/03/02

---

**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

[١] **گونتەرگراس – پاشەکشێ – بلاوکراوەکانی شتایدل –ل٢٢ بەزمانی ئەلەمانی –ل٢٢**
Guenter Grass: Im Krebsgang.Steidl Verlag. Febraur 2002

[٢] **هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٦** . Guenter Grass: Im Krebsgang.Steidl Verlag

[٣] **هەمان سەرچاوە ل ١٧٦**.Guenter Grass: Im Krebsgang.Steidl Verlag

٤ نازیە نوێیەكان بەزۆری حەزدەكەن بەسەری كەچەل و قەمسەلەی ڕەش و پۆستالەوە خۆیان نیشانی خەلك بدەن.

٥ ووشەی بابیلەم بەكارهێناوە لەبەرانبەر كورتكردنەوەی ناوی باوكە، كەلەشێوە قسەكردنی ئەلــەمانیدا نــاوزەدێكی بچوكراوەی جوان نیە ، ووشەی Vater كراوە بە Vati ن لەكوردیشدا بابەم كردووە بەبابیلە. (ئیسماعیل)

٦ گووتاری گونتەر گراس بەبۆنەی بەخشینی خەلاتی پێشانگای كتێبی فرانكفۆرت ١٩٩٧ بە یەشاركەمال.

سەرچاوە : ساتێك بۆ خۆتێهەلقورتاند. Zeit, sich einzumischen. Goettingen .steidl Verlag 1998.